# ئەنفال نابێتە جینۆساید !!

## نەبەز گۆران

ماوەیەکە لەلایەن دەزگاکانی راگەیاندنی کوردیەوە زۆر قسەلەسەر بەجینۆساید کردنی ئەنفال دەکرێت، بەبێ ئەوەی کەسێك هەبێت  پێمان بلێت ئەم پرۆسەیە بەچ یاسایەکی نێودەوڵەتی دەبێت بەجینۆساید؟! وەڵامێکی یاسای و سیاسی ئەم پرسیارە لای کەسمان نیە و تەنها بەشێوەیەکی ئیحساسی قسە لەسەر ئەنفال دەکەین و پێمان وایە ئەو برینەی لەسەر گیانی ئێمەیە لەسەر گیانی هەموو جیهانیشە!! لەپشت ئەمەشەوە هەوڵیش دەدەین بیکەینە جینۆساید کەئەمە کارێکی قورسە و رەنگە سەرکەوتنمان کەمێك مەحاڵ بێت، ئەو خاڵانەش وامان لێدەکات نائومێدبین بریتیە لەوەی وەك کورد یان وەك راگەیاندنی کوردی پرۆژەیەکی جدیمان نیە بۆ بەجینۆسایدکردنی ئەم برینەی خۆمان، فەوزایەکیش لەقسەکردن دروست بوە کە زۆرجار هەنگاوەکان تێکدەدات، هەڵبەتە کەسمان لەگەڵ ئەوەنین جاشەکان دادگای نەکرێن، یان ئەو کەسانەی سەربەدەزگاکانی بەعس بوون بەشێك بوون لەو پرۆسەیە دادگایی نەکرێن، بەلاّم دەبێت بزانین چۆن دادگایان بکەین و لەکوێ دادگایی بکرێن، بۆئەوەی تورە بوونەکانمان وامان لێنەکات ئەو پرۆسە گەورەیە تووشی تێکشکان بکەین و نەبێتە جینۆساید.

هەڵبەتە بەبێ خوێندنەوەی یاسا نێودەوڵەتیەکان بۆمەسەلەی جینۆساید زەحمەتە بتوانین پەی بەو راستیە ببەین، لەیاساکانی نێودەوڵەتیدا هاتوە دەڵێت" جینۆساید ئەو پرۆسەیە نەتەوەیەك یان دەسەلاّتی نەتەوەیەك دژی نەتەوەیەکی تر ئەنجامی دەدات" ، ئەم تەعریفە بەسە بۆئەوەی لەسەری بوەستین و تێبگەین لەو هەڵپانەی ئێمە لەراگەیاندنەکاندا دەیانکەین، چونکە گەر جینۆساید پرۆسەیەك بێت نەتەوەیەك دژی نەتەوەیەك بیکات کەواتە ئەنفال بەجینۆساید زەحمەتە، لەبەرئەوەی نەتەوەی عەرەب تەنها نەبوە لەم پرۆسەیەدا  دژی کوردکردبێتی، راستە پرۆژەکە پرۆژەیەکی عەرەبی بوە و دەسەلاّتێك کردویەتی کە دەسەلاّتێکی عەرەبیزم بوە، بەلاّم  بەشێکی زۆری ئەو کەسانەی لەم پرۆسەیەدا بەژدار بوون لەنەتەوەکەی خۆمانن" واتە کوردن"، ئەمە کێشەکەیە، کە " 423" سەرۆك جاشی کورد و زیاد لە "20" هەزار جاشی کورد بەژداری ئەو پرۆسەیەبوون، کەئێمە بەخائین ناویان دەبەین و دەبێت هەقی خۆیان وەربگرن، ئەگەرئەم جاشانە بەشدار نەبونایە لەم پرۆسەیەدا حەتمەن بەپێی ئەو تەعریفەی یاسا نێودەوڵەتیەکان بەبێ هیچ رێگریەك ئەنفال بەجینۆساید دەناسرا، بەلاّم بەژداری ئەو جاشەکوردانە کارەکەیان زەحمەت کردوە لەروی یاسای نێودەوڵەتیەوە.

بۆئەوەی ئێمە رێگریەك دروستکەین لەوەی ئەم پرۆسەیە لەبەجینۆسایدکردندا شکست بهێنێت، باشترە کۆمەڵێك هەنگاوی دی بنێین و لەروی سیاسی و یاسایەوە بیری لێبکەینەوە نەك لەروی ئیحساسەوە کەبرینێکە لەسەر جەستەی هەریەکەمانە، بۆئەمەش دەبێت ئیش بۆئەوەبکەین ئەو جاشانەی بەژداری ئەو پرۆسەیان کردوە نەبرێنە دادگای بەغدادەوە، نەك لەبەر ئەوەی کەخۆشمان دەوێن، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەنفال بکەین بەجینۆساید، کاتی خۆی جولەکەکان وەختێك شوناسی جینۆسایدیان پێدرا کە هیچ کام لەوانەی خۆیان "واتە جولەکەی ئەسڵ" بەژدار نەبوون لەگەڵ دەسەلاّتی  هیتلەردا بۆ ئەو پرۆسەیە، وەلێ بۆئێمە پێچەوانەیە، چونی ئەو جاشانە بۆ دادگای بەغدا شەلەل کردنی بەجینۆساید کردنی ئەنفالە، دەکرێت ئێمە لەئەمرۆدا بۆئەوەی ئەوەشمان لەدەست دەرنەچێت کە ئەنفال ببێت بەجینۆساید جاشەکان لای خۆمان گل بدەینەوە دوای ئەوەی کە دادگا بریاری دا کە ئەمە پرۆسەیەك بوە نەتەوەیەك دژی نەتەوەیەکی تر ئەنجامی داوە، ئیدی

یاسا نێودەوڵەتیەکانیش دان بەجینۆسایدیدا دەنێن، و ئێمەش کە دڵنیا بووین ئەنفال لەیاسا نێودەوڵەتیەکاندا بریاری بەجینۆسیاد بوونی دەرچوە، ئەوکات دەتوانین لەرێگەی راگەیاندنەکانەوە قورسایەکی زۆربخەینە سەردەسەلاّتی کوردی تالێرە لەناو دادگاکانی خۆمان ئەو جاشانە دادگای بکرێن و هەقی خیانەتی خۆیان وەربگرن، ئەگەر وانەبێت چوونی ئەو هەموو جاشە کوردە بۆناو دادگا و بۆشاهیدی دان لەبەژداربونیان لەو پرۆسەیە ئەو خەونەشمان لەدەست دەدادت و ئەنفال نابێتە جینۆساید.